

# ئافرەتی لای پەنجەرەکەی فریتز لانگ و دەرخستنی شەرانگێزییەکانی ناخی مرۆڤ

**ئیبراهیم ئەلعەریس**
**و:تاهیر عوسمان**

تەنانەت لەزمانی ئینگلیزیشدا کاتێک کە باسی جرێکی پۆلیسی یاتاوانکاری فیلمەکان دەکرێ، زاراوەی فەرەنسی (film noir) واتە فیلمی رەش بەکار دەهێنرێ. هۆی بەکارهێنانی ئەو زاراوەیەش ئەوەیە کە رەخنەگرە سینەماییە فەرەنسییەکان ئەوانەی لەهەمان ساڵدا واتە لە ساڵی ١٩٤٦ کۆمەڵە فیلمێکی پۆلیسی ئەمەریکیان بینیوە، سەرجەم دیمەنەکانیان لەتاریکە شەودا گیرابوون ئەوان یەکسەر نازناوی فیلمی رەشیان بۆ بڕینەوە . ئەو فیلمانەش لەساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا لە هۆلیوود بەرهەم هێنرابوون، بەڵام لەفەرەنسادا تەنها بەیەکە نیشان دران. واتە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ و نەمانی داگیرکردنی نازی لەفەرەنسا. هەر لێرەشەوە وەسفە فەرەنسییەکە لە فەرەنسییەوە سەری هەڵدا و لەچەندین زمانی دیکەدا بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنرا، بەڵام بەجۆرێکی وردتر.

پێناسەی فیلمی رەش بۆ یەکەمین جار دوای کۆتایی هاتنی نمایشی فیلمێکی (فریتز لانگ) بەکارهێنرا، بەناوی ئافرەتی لای پەنجەرەکە کە ساڵی ١٩٤٤ بەرهەم هێنراو لە ساڵی

١٩٤٦یش لەپاریس نیشان درا. هەر ئەو رۆژەو دوای دەرکەوتنی وشەی (کۆتایی) لەسەر شاشەکە رەخنەگرێکی فەرەنسی ئاوڕی لەهاورێکەی تەنیشتی دایەوەو گووتی"ئای لەو فیلمە رەشە .!!!!".

ئەو زاراوەیەش لەو کاتەوە بەسەر ئەو جۆرە فیلمانەدا براوەتەوە کە لە دەوری بابەتەکانی تاوان و ئافرەت و شەوو شاردا دەسوڕێنەوە، شایانی گوتنە لەهەمان ساڵدا ٤ فیلمی دیکە دەرهێنران کە تا بەئەمڕۆ دەگا شان بەشانی (ئافرەتی لای پەنجەرەکە) بەباشترین فیلمەکانی لە مێژووی سینەمادا لەو بوارە دادەنرێن، فیلمەکانیش ئەمانەن (لاورا)، (هەلۆی ماڵتا)، (قەرەبووکردنەوەی دوو ئەوەندە) و (ئەوە تاوانە شیرینەکەم) کە لە رۆمانێکی رایمۆند تشاندلەر وەرگیرابوو، سەرباری ناوبانگی ئەو فیلمانە کە بەکلاسیکییەکانی سینەما لەقەڵەم دەدرێن، بەڵام فیلمەکەی فریتز لانگ بە بەهێزترینیان دادەنرێ، یاخود بەلای کەمەوە لەهەر هەموویان زیاتر یاساکانی ئەو چەشنە فیلمەی تیا پیادە کراوە. ئەگەر ئەمرۆ بۆشمان دەرکەوتبێ کەوا دەرهێنەری فیلمەکە کۆتایەکەی گۆریوە، چونکە زۆر لەوە تاریکتر دەبوو کە پاشان لە فیلمەکەدا دەردەکەوێ تاوەکو لەگەڵ یاساکانی سانسۆرە رەوشتییەکان بگونجێ کە ئەو سەردەمە کاری پێ دەکرا، بۆیە زۆر جار ئەو پرسیارە رەوایە دەکرا ئەگەر کۆتاییە سووک کراوو دەست کاری کراوەکە کە لانگ فیلمەکەی دوایی پێ هێناوە وا بگەیەنێ کە فیلمەکە رەشە، ئەوە چی لەبارەی ئەو فیلمەوە دەگوترا ئەگەر بە خۆکوشتن کۆتایی پێ بهاتایە، هەروەک لەو رۆمانەدا هاتووە کە فیلمەکەی لێ وەرگیراوە، چونکە فیلمی "ئافرەتی لای پەنجەرەکە" لە رۆمانێکی (ج.هـ. والیس )ی نووسەر وەرگیراوە. ئەوەی دەقەکەی خواستبوو سیناریۆ نووسەرکە واتە (ناتالی جۆنسۆن) بووە کە بەنووسینی سیناریۆی چەند فیلمێکی (جۆن فۆرد) بەناوبانگ بوو. لەوانەش فیلمی (هێشووەکانی تووڕەیی)، لەچلەکانی سەدەی رابردووشدا کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی تایبەتی دامەزراندبوو. خواستنی رۆمانەکەی (والیس)یش نۆبەرەی بەرهەم هێنانەکانی بوو، پاشان لەگەڵ فریتز لانگ رێککەوت فیلمەکە دەربهێنن و هەریەک لە هونەر مەندان (ئیدوارد جی رۆبنسۆن) و ( جوان بینیت) دوو رۆڵە سەرەکیەکەی فیلمەکەیان پێدرا. رووداوەکانی فیلمەکە لەدەوری پرۆفیسۆر وانلی دا دەسورێتەوە کە مامۆستای زانکۆو پسپۆرە لەمەسەلە تاوانکارییەکان و زانستی تاوانکاریدا. ئێوارەیەک دوای ئەوەی خێزان و منداڵەکانەی وانلی بۆ بەسەر بردنی پشوو سەفەر دەکەن، ئەو لەشارەکەدا دەمێنێتەوە و روو لەو یانەیە دەکا کە هاورێکانی تیا دەبینێ، کاتێک بەهێمنی و تێرامانەوە لە شەقامەکاندا دەروێشت و سەیری رووی پێشەوەی پێشانگای تابلۆکانی دەکرد، لەبەر دەم پێشانگاکەدا وێنەیەکی فۆتۆ گرافی گەورە دەبینێ کە روخساری ئافرەتێکی زۆر جوان بووە. قەشەنگی و بێ هاوتایی دیمەنی ژنەکە پرۆفیسۆر دووچاری حەپەساندەکا و کەمێک دەوەستێ و بیر دەکاتەوە، پاشان کە دەیەوێ رێگاکە بگرێتەبەر رووبەرووی هەمان ئافرەت دەبێتەوە و دەبینێ لە هەمان شەقام بەرامبەری دێ و بەراستی چاوی پێ دەکەوێ، زۆر بەهێمنی

و خۆشییەو یەکتر دەناسن، پاشان تانزیک خانوویەک یاوەری دەکا کە پێی رادەگەیەنێ ئەو لەوێ نیشتەجێیە، لێرەشەوە و هەر لەو سەرەتایەوە ئاشکرابووە دەبێ بگاتە کۆتاییەک، زنجیرە رووداوێک تێکەڵ یەکتری دەبن، تادەگاتە ئەو رادەیەی کە وانلی بۆ بەرگری کردن لە ئافرتەکە دەکەوێتە داوی کوشتنی یەکێک، دوای ئەوە پیاوێکی دیکە دەردەکەوێ کە دەیەوێ رقی پرۆفیسۆر هەڵبستێنێ و خۆی وانیشان دەدا کە پاسەوانی پیاوە کوژراوەکەیە. لەبەردەم ئەو واقیعە تازەیەشدا کە هەرگیز لە خەیاڵدا نەبووە، پرۆفیسۆر هەڵەیەکی دیکە لەدوای هەڵەی یەکەم دەکا و رەفتارێکی خراپتر لەپاش رەفتاری یەکەم دەنوێنێ، لەو دەمەدا کە ئافرەتەکە لێی رادەکا و پاسەوانی تایبەتی پیاوە کوژراوەکە لە بێزارکردنی پرۆفیسۆر بە ردەوام دەبێ. کۆتایی ئەو رووداوانەش بەوەدێ کە گومانی لێکۆڵەرانی پۆلیس لەرامبەر پرۆفیسۆر دەست پێ دەکات و ئەگەر هەڵەکانی پرۆفیسۆریش نەبووایە هەرگیز کەسێک گومانی لێ پەیدا نەدەکرد، بەمجۆرە وانلی خۆی دەبینێ لە هەموو لایەکەوە دەورە دراوە، هەست دەکا گەیشتۆتە نزمترین پلەکانی نائومێدی و کەسێک نییە داکۆکی لێبکاو باوەر بەبەسەرهاتەکانی بێنێ، دواتر بریار دەدا کە لە خۆکوشتن بەولاوە هیچ شتێک نییە لەو تەنگژەیە رزگاری بکات، لەو ساتەی کە پاسەوانەکە نارەحەتی دەکاو خەریکە نرخی تاوانەکە لە جێی خۆیدا بداتەوە، پرۆفیسۆر لەناکاو لەو تەنگە تاویە و ترسەی خۆی بەئاگا دێتەوە، هەروەها لەخەوەکەشی چونکە بۆی دەردەکەوێ گشت ئەو زۆرانبازییە تاریک و تاوانی کوشتنەی کە تیایدا دەژیا، تەنها خەون بووە، تەنانەت وەکو زیندە خەوێک وابووە بۆ ئەو. بەم جۆرە فیلمەکە بەو کۆتاییە بەختەوەرە دوایی دێت، هەروەک ئاماژەشمان پێکرد بێگومان هەرگیز ئەوە نەکۆتاییە راستەقینەکەی سینارۆیەکەیە نە کۆتایی ئەو رۆمانەبووە کە لێی خواستراوە، چونکە کۆتاییەکە لەو دوو شوێنە نەخەونە نە مۆتەکە، بەڵکو بەخۆکوشتنی پرۆفیسۆر کۆتایی دێت، بەڵام بەر لەوەی بۆمان دەربکەوێ کەوا ئەوەی تیا شیدا ژیابوو راستی نەبوو.

کاتێک فریتز لانگ لە فەرەنساوە دەگاتە ولاتە یەکگرتووەکان، کولوترسی نازییەکان لەوێوە رایکردبوو، زۆر لە شارەزایانی فیلمە ئەڵمانییەکان وای بۆ دەچن کەوا ناوبراویش بکەوێتەریزی بەرهەم هێنانی هۆلیوودی و کۆتایی ئەویش وەکو داهێنەرێکی ئاسایی بێت، هەروەک لەگەڵ چەندین دەرهێنەری ئەورووپی روویدا، بەڵام لانگ ئەو بۆچونەی بەدرۆ خستەوە، چونکە دەبینین لە رێگای چەندین فیلمی ئەمەریکی یەک لەدوای یەکدا لەشێوازە داهێنراوەکەی خۆی لە هەڵبژاردنی بابەتەکاندا بەردەوام دەبێ، هەروەک چۆن لە دەرهێنانیشدا بێ وێنەبووە. تاوەکو چەندین بەرهەم پێشکەش دەکا کە دەبنە نیشانەو هەر یەکێکیان بەپێش شاکارەکەی بەر لەخۆی دەکەوێ، وەکو فیلمەکانی (متۆ بۆلیس)، (لیلۆم). لەراستیشدا (ئافرەتی لای پەنجەرەکە)ش دەچێتە ریزی ئەو زنجیرە فیلمە هۆلیوودیەی کە لانگ دای هێنابوون، بەڵام لە چوارچێوەی یاسا سینەماییە تایبەتییەکانی و ئەو بەهایانەی کە هەمیشە ویستویەتی لە بارەیانەوە بدوێ، بۆیە لەو فیلمەش چەشنی بەرهەمەکانی

پێشووی لەوانەش (نەفرەت لێکراو) و (هەڵچوون) دەگەڕێتەوە سەر بابەتە دڵگیرەکانی وەکو مەسەلەی هەست بەتاوان کردن و سزادانی خودو گاڵتە چییەتی قەدەر، هەروەک چۆن لە شیکردنەوەیەکی رەخنەگری فەرەنسی کۆچ کردوو (کلۆد بیلە)دا هاتووە. لەو حاڵەتەشدا ناگەڕێتەوە ناو ئەو کۆتاییەی کە لانگ ناچار دەکرێ، لەگەڵ نەریتە هۆلیوودییەکاندا هەڵبکا، هەرچەندە بە جیهانەکەی ئەودا نامۆبوون، بۆیە ئەگەر پاڵەوانەکە لە کۆتاییدا لەژێر گوشاری رووداوەکاندا خۆی بکوشتایە، یا لەخەویکی قوڵدا بەئاگا هاتبێتەوە، ئەوە هیچ لەمەسەلەکە ناگۆرێ، بەڵکو ئەوەی لێرەدا گرینگە جەخت کردنی دەرهێنەرە لەسەر گەمەی دابەزاندنی کەسایەتییەکە بۆ ناو دۆزەخ، بەبێ ئەو شەرانگێزی و شەیتانیەتەی ناوەوەی کە لەهەر ساتە وەختێکی سۆز ئامێزدا پەردە لەسەر ئارەزووە شاراوەکانی لادەدەن، هەرچەندە ئەگەر کەسایەتی پرۆفیسۆریش ئەو ئارەزووانەیان وەلانابێ، هەر ئەو ئارەزووانەش لێرەدا دەبنە فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە. بۆیە هیچ رێکەوت نەبووە کە لانگ لەدرێژەی قسەکانی لەسەر ئەو فیلمەدا بلێ "من دڵنیایەکی تەواوم لەوەدا هەیە کەوامێشکی هەر یەکێک لەئێمەو بەشێوەیەکی بەردەوام، جۆرە ئارەزوویەک بەرەو کوشتن دروست دەکات، ئەو ئارەزووە زۆر کات ئازارم دەدا، هەرچەندە هەندێک جار دڵنەوایم دەداتەوە".

فریتز لانگ (١٨٩٠-١٩٧٦) کە زیاتر بە فیلمی (مترۆ بۆلیس) ناسراوەو ناوبانگی دەرکردوە، دەرهێنەرێکی بەرەچەڵەک نەمساویە، سەرەتای ژیانی و کارکردنی لە ڤیەننا بووە. پاشان چووەتە بەرلین و چەند بەرهەمێکی سازکردووە، بەراستی بەنیشانەی زەق دادەنرێن لە مێژووی سینەمادا.

نازییەکان داوای لێ دەکەن بەرێوەبردنی کاروباری سینەما لە حکومەتەکەیان بگرێتە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٣٣ بۆ فەرەنسا رادەکاو پاشان دەگاتە وڵاتە یەکگرتووەکان کە ماوەیەکی زۆر لەوێ دەژی و چەندین کاری گەورەی تیا ئەنجام دەدا. بەهۆیانەوە بوو بەیەکێک لەناوە گورەکانی هونەری حەوتەم، لە دوای ئەوەو دوای تێکشکانی نازییەکان جار جار دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا و چەندین فیلمی دیکە بەرهەم دەهێنێ کە دیارترینیان (پلینگی بەنگال) و( گۆرستانی هیندی) بوو، پاشان دوا فیلمی (هەزار چاو بۆ دکتۆر مابوزی) بووە لە ساڵی ١٩٦٠ دا .

هەندێک لە فیلمە ئەمەریکییە بەناوبانگەکانی لانگ ئەمانەن: (تۆ تەنها یەکجار دەژی)، (راوی پیاوێک)، (وەزارەتی ترس)و (جەلادەکانیش دەمرن) کە لە سیناریۆیەکی برێخت وەرگیرابوو.

**سەرچاوە:**

www daralhay atnet